


## وەبەرهێنان گەر یاسا هەڵینەسوڕێنێت چینی ناوەند دروست نابێت

# ئامانجی وەبەرهێنان پیرۆزکردنی کارو دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ هاوڵاتییان


ئابووری
گوڵان
ژمارە (٧٦٠)
٢٠٠٩/١٢/١٤



مرۆڤ گرنگترین بنەمای بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئابوورییە، بەگەڕخستنی دەستی کاری خۆماڵیی یەکێکە لەئامانجە سەرەکییەکانی دەرچوونی یاسای ژمارە ٤ ی وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ی کوردستان Investment Law لەماددەی حەوت ئاماژە بەوەکراوە:( وەبەرهێنەر دەتوانێت دەستی کاری خۆماڵی و بیانی بەکاربهێنێت لەپڕۆژەکەیدا، پێویستە ئەولەوییەتیش بەدەستی کاری خۆماڵی بدرێت..). لەهەرێمی کوردستان گلەیی بێکاری هەیەو رێژەکەی نزیکەی ١٨٪یە، گەرچی دوایین ئاماری دەزگای ناوەندی ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاری سەر بە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی ئەم رێژەیەی بۆ کەمتر داناوە، پێی وایە رێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان بەتێکڕایی لە( ٦ ٪ )ە، بەڵام رێژەی بێکاری داپۆشراو زۆر لەم رێژەیە زیاترە، هاوکات نزیکەی نیوملیۆن کوردیش روویان لەهەندەران کردووەو لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن، زۆربەیان لەپێناو بەدەستهێنانی هەلی کار ژیانی غەریبیان هەڵبژاردووەو مەزەندەی لە ٧٥٪ی ئافرەتان بێکاریش دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا بەدەیان کرێکاری بەنگلادیشی و ئاسیایی و ئەفریقی و بگرە تورکی و میسریش روویان لەم هەرێمە کردووە.

ئەم راپۆرتە دژی ئەوەنی یە کرێکاری بیانی لەپڕۆژەو سۆپەرمارکێت و کۆمپانیاو بازاڕەکانی کوردستان کار نەکەن، بەڵام لەکاتێکدا زیاتر لەنیوەی هێزی کاری ئافرەتان بێکار بن و، بێکاری رووپۆشراویش دامودەزگا حکومییەکانی پڕ کردبێت و ساڵانە سەدان گەنجی دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان لەچاوەڕێی رەخساندنی هەلی کاردا بن، بۆچی وەبەرهێنەرو سەرمایەداری کوردستانی سەرقاڵی هێنانی کرێکاری بیانی بن؟، لەکاتێکدا ئەو کارانەی کرێکارێکی بیانی ئەنجامی دەدات شارەزاییەکی ئەوتۆی ناوێت و دەکرێت لەناوخۆی هەرێمەکە هێزی کاری بۆ دابین بکرێت .

بوونی ٩٥٠٠ کۆمپانیاو کردنەوەی دەیان سۆپەرمارکێت و، پێشکەشکردنی دەیان ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەر بەرادەیەك پڕۆژەکانی وەبەرهێنان تاکو ١٠ ساڵ لێخۆشبوونیان لەباج هەیەو دەتوانێت بەتەواوەتی ببێتە خاوەنی ئەو زەوییەی وەبەرهێنانی لەسەر دەکات و دەیان ئاسانکاری و یارمەتی تر. کەچی ئەم بیزنسمانانە نەگەیشتوونەتە ئاستی دڵسۆزیی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی.

وەبەرهێنان گەر بیزنسمان هەڵی سوڕێنێت هەژارەکان هەژارترو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن، پێویستە یاسا ئەم وەبەرهێنانە هەڵسوڕێنێت، بونموونە سۆپەرمارکێت باشترین و باشترین و باشترین هەلە بۆ شکاندنی دەرگا داخراوەکانی ماڵەکان و دەرهێنانی ئافرەتان و دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری . لە ٧٥٪ی ئافرەتانمان بێکارن داوای برانەوەی یارمەتییەکی رەمزییان بۆ دەکەین، لەکاتێکدا دەتوانرێت هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئایا دەزانرێت بەهۆی نەبوونی دایانگە و باخچەی ساوایانی پێشکەوتوو ژمارەی ئەو دایکانەی ناچار دەبن مۆڵەتی دایکایەتی و بێ مووچەش وەربگرن چەندە؟ هەموو چارەسەرەکانی ئەم بارودۆخە لەلای حکومەت نییە و ئۆباڵەکەشی هەمووی ناکەوێتە ئەستۆی لاوازی سیستەمی بەڕێوەبردن،بەڵام دەکرێت لەرێگای رێکخستنی پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت مەسەلەی بەگەڕخستنی لاوان رێك بخرێت، ناکرێت لەم بارودۆخەی بێکاریدا وەبەرهێنەرو کۆمپانیاکان کرێکاری بەنگلادیشی بێنن، لەلایەکی ترەوە لەناوخۆی عێراق و لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی کوردستانەوە ١٠٠ هەزار کرێکاری عێراقی روویان لەکوردستان کردووەو لێرە کار دەکەن. کرێی کرێکارێکی تورکی ١٢٠٠ دۆلارە کەچی کرێکارێکی خۆماڵی تەنیا٤٠٠-٥٠٠ دۆلار مانگانە مووچەی دەدرێتێ، ئەو هەموو پرۆژەیە هەیە،کرێی کرێکاری کوردستانی هەرزانەو بیانیش گرانە.

پرۆژەی وەبەرهێنان پرۆژەی دوکان و کڕین و فرۆشتنێك نییە، پرۆژەیەکی نیشتمانییەو دەکرێت زۆرترین هەلی کاری بۆ لاوان بەئافرەتانیشەوە بڕەخسێنێت، بۆنموونە لە٢٠٠٥ تاکو ٢٠٠٩ نزیکەی ٢٥ سۆپەرمارکێتی گەورە کراونەتەوە کەتەنیا ماجیدی مۆڵ ١٥٥٠ کارمەند لەخۆ دەگرێت و ئەوانی دیکەش بەتێکڕا هەر سۆپەرمارکێتێك ٥٠٠ کارمەندو کرێکار لەخۆدەگرێت بەواتا ٥٠٠ ×٢٤=١٢٠٠٠ کارمەند ئەم ژمارەیەش لەگەڵ ١٥٥٠= ١٣٥٥٠ کارمەند، گەر بێتوو هەموو ئەو کارمەندانە کوردستانی بن.

کاتی ئەوە هاتووە حکومەت لەرێگای وەزارەتی کارەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکانی تر پرۆژە یاسای کار هەمواربکرێتەوەو رێنمایش بۆ ژمارەی ئەو کارمەندو کرێکارە بیانییانە و عێراقییانەش دانرێت کە کۆمپانیاو سۆپەرمارکێت و پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لەناو هەرێمەکە دایدەمەزرێنێت.

دیاردەی هێنانی کرێکاری بیانی بەو شێوەیەی ئێستا دیاردەیەکی ناسروشتییە

دەبێت ئیمتیازاتی کرێکاران لە هەردوو کەرتی گشتیء تایبەتی لێک نزیک بکرێنەوە

## ئامانجی وەبەرهێنان تەنیا پارە نییە

گەر ئامانج لەپرۆسەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان پیرۆزکردنی کارو دروستکردنی رۆحی داهێنان بێت و، تەنیا بەدەستهێنانی پارەو بەرژەوەندی سەرمایەدارەکە نەبێت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی، ئەوا دەبێت بەپێی یاساو مەرجەکانی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی ئەم پرۆسەیە رێکبخرێت بەتایبەتی لەرووی یاساییەوە، **دلێر مەحمود فەتاح بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند:** (لەئێستادا هیچ پرۆژەیەکی یاسایی بۆ رێکخستنەوەی کار لەپەرلەمان نییە، ئەمەش کارێکی پێویستە، هەربۆیە لەهەوڵداندایین بۆ هێنانەدی پرۆژەیەکی لەمجۆرە، کە دانانی هێزی کار لەکەرتی تایبەت بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان رێکبخرێت ). سەندیکاکانی کرێکاری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لەکوردستان نەبوونی یاسایەکی مۆدێرنی پێشکەوتوو بۆ رێکخستنی هەلی کار بەکێشەیەکی گەورە دادەنێن، لەمبارەیەوە **هەنگاو عەبدوڵا خان سەرۆکی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان پێی وایە:** دیاردەی هێنانی کرێکارانی بیانی بەو شێوەیەی ئێستا دیاردەیەکی ناسروشتییە، بەتایبەت لەوڵاتێکدا کە دەستی کرێکارانمان لەهەموو بوارێکدا هەیە. هێنانی کرێکارانی بیانی پێشێلکردنی هەندێ برگەی یاسای وەبەرهێنانە کە چەسپاوە دەڵێت: (پێویستە کار بەکرێکاری خۆماڵی بدرێت، ئەگەر پسپۆرایەتییەك نەبوو ئەو کات دەکرێت کارمەند و کرێکار لە دەرەوەی وڵات بهێنرێت..)، لەرێگای وەزارەتی کاریشەوە داواکارییەکمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردەوە، بەڵام بەداخەوە کاری لەسەر نەکرا..

سەرۆکی کرێکارانی کوردستان بیروباوەڕی وایە ئەو کرێکارانەی هاتوونەتە کوردستان زۆربەیان کرێکاری هونەری نین و کرێکارەکانی خۆمان دەتوانن ئەو کارانە بکەن . بۆیە سەندیکای کرێکاری لەهەوڵی خۆی بەردەوامە، ئەمەش لەپێناوی ڕاگرتنی ئەم دیاردەیە، کە نوێنەری کرێکارانی کوردستان بە دیاردەیەکی خراپ و نائاساییی وەسفی دەکات.

## یاسای کارو خانەنشینی کۆن بووەو کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە

لەدرێژەی وتەکانیدا بۆ گوڵان سەرۆکی سەندیکای کرێکاران سەبارەت بەیاسای کارو خانەنشینی دەڵێت : یاسای کار ناسراوە بەیاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ تا ئێستاش لەبەغدادو لەهەرێمی کوردستانیش کاری پێ دەکرێت، بەڵام ئەم یاسایە کۆن بووەو کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، پێویستە ئەم یاسایە هەمواربکرێت، مناقەشەی ئەم بابەتەمان زۆر کردووە لەگەڵ وەزارەتی کاری هەرێمی کوردستان لەوانەیە ڕەشنووسیش لەلایەن ڕێکخراوەکانی دەرەوەش وەکو یەکێتی سەندیکاکانی نێودەوڵەتی یان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی نووسراوەو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئێمە لەعەممان. تاکو ئێستا خەریکین ئەم یاسایەو یاسای ٣٩ی خانەنشینی هەموار بکەین، چەندجار پێشکەشکراوە و دراوەتە بەغدادو لەوێش چووەتە مەجلیسی شوورای دەوڵەت، بەڵام لەوێ چەقیوە. ئێمە لە بەرژەوەندی کرێکارانی دەزانین کە ئەم دوو یاسایە هەمواربکرێت جا چ لەپەرلەمانی خۆمان بێت یاخود لە پەرلەمانی عێراق بێت. بە وەزارەتی کارمان وتووە :((دەبێت ئیمتیازاتی کرێکار لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی لێك نزیك بکرێتەوە)).

لەم روانگەیەوە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کەلایەنی حکومی لەبواری کارکردن بۆ هەموارکردنی یاسای کار جیددی نەبووە، نەبوونی ئەم یاسایەش وایکردووە ئیمتیازات لەکەرتی گشتی زیاتر بێت بەراورد بەکەرتی تایبەتی، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی نەتوانرێت چەند مەرجێکی گشتی و هەمیشەیی بەسەر خاوەن کار بچەسپێنرێت لەگرێبەستەکەدا، نەبوونی یاسایەکی پێشکەوتوو لەگەڵ کەمی نرخ و بەهای کار هۆکارێك بووە بۆ نزمکردنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی زۆربەی کار، ئەمەش پێویستی بەدوبارە پێناسەکردنەوەی کار هەیە، بۆ نموونە کرێکاری کۆکردنەوەی خۆڵ و سپڵ بۆ بەناوی کارمەندان یاخود کرێکارانی ژینگە خاوێنکردنەوە یاخود ژینگە پارێزی ناو نەبرێن و، نرخ وبەهایەکی بەرز بۆ ئەم کارە دانەنرێت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەنداربکرێنە موئەسەسە و لەرووی ئامێرو جلوبەرگەوە پێش بخرێن.

## وەبەرهێنەری بیانی ئازادە لەوەی هێزی کاری دەرەکی یاخود خۆماڵی بەکاربهێنێت

لاوازی کەرتی تایبەت و نەبوونی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی پێشکەوتوو کێشەی گەورەن، هۆکارێکیشە بۆ نەبوونی هەلی کارو دابینکردنی کار، وەبەرهێنەری کوردستانی بیانی بێت یاخود خۆماڵی نەیتوانیوە رووبکاتە ئەو بوارانەی زۆرترین دەستی کاری دەوێت، کاتێکیش ئەم وەبەرهێنە روو لەسۆپەرمارکێت یاخود پرۆژەیەکی وەبەرهێنان دەکات، راستەوخۆ روو دەکاتە هێنان و دانانی دەستی کاری بیانی، ئاسانکاری و یارمەتی فراوان بۆ کەرتی تایبەت دەکرێت، کەچی تەنیا خزمەتێك بۆ هاوڵاتییانی کوردستان لەدابینکردنی هەلی کارەوەیە کەچی لەوەشدا گرفت و کێشە دەنێنەوە، ئێمە وەکو لەپێشەکی راپۆرتەکەدا ئاماژەمان پێدا دژی بەگەڕخستنی کرێکاری بیانی نین لەروانگە مرۆیی و واقیعی کارەکانەوە، بەڵام داوای رێکخستن و دیاریکردنی رێژەیەك دەکەین ئەمەش مافێکی سروشتی هاوڵاتیانی کوردستانە لەبەرامبەر ئەو ئاسانکاری و یارمەتییەی کە حکومەت پێشکەشی وەبەرهێنەری دەکات . **هێرش موحەرەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەکوردستان لەدیمانەیەکی رۆژنامەوانی باسی لەهەلی وەبەرهێنانی بیانی دەکات،** هەرێمەکە ئارامترین شوێنە لەعێراق و دۆخی نێوان حکومەت و وەبەرهێنەرو داهاتی نەوت و سیستەمەکانی باج و هەموو ئاسانکارییەکانی تر ژینگەیەکی لەباری بۆ وەبەرهێنەر دروستکردووە . پێویستە هەموو ئەو ئاسانکارییەی بۆ وەبەرهێنان دەکرێت لەپێناو پێشخستنی ئابووری کوردستان و تاکی کوردستانیدا بێت، بەتایبەتی دۆزینەوەی هەلی کارو کەمکردنەوەی بێکاری، بۆیە پێویستە کارمەندو کرێکاری کورد لەو ئاستەدا بێت، **سەبارەت بەهێزی کار سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان پێی وا:( زۆر گرنگە هێزی کاری خۆمان پێشبخرێت و فراوان بکەین و پەرەیان پێ بدەین).** ئێمە خۆشحاڵ دەبین بەوەی وەبەرهێنەری بیانی بەو شێوەیە دێنە ناو هەرێم و کۆمپانیای وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت تورکی و ئێرانی پشکی گەورەیان لە وەبەرهێنانی بیانی هەیە.

وەبەرهێنەر پێویستە تەرکیز لەسەر گرنگترین پێداویستی هەرێمەکە بکاتەوە، بەتایبەت ئەو پرۆژانەی زۆر گرنگە وەکو پاڵاوتگەی نەوت و کۆمپانیای پیشەسازی و کارەبا و نەخۆشخانە و ئەو خزمەتگوزارییانەی

### هەندێك لەو ئاسانکارییانەی پێشکەش بەوەبەرهێنان دەکرێت

- ١٠ ساڵ باجی لێوەرناگیرێت.
- ٥ ساڵ گومرگی لەسەر کاڵاو کەلوپەلەکانی نییە.
- دەتوانێت بەتەواوەتی ببێتە خاوەنی ئەو زەوییەی وەبەرهێنانی لەسەر دەکات .
- ئازادە لەوەی هێزی کاری دەرەکی یاخود خۆماڵی بەکاربهێنێت.
- مافی ئەوەیان هەیە داهات و قازانج بۆ وڵاتەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە.

ئەم یاسایە بەراورد بەیاسای وەبەرهێنانی عێراقی کراوەترو ئاسانکاری زیاتر لەخۆ دەگرێت..

حکومەت پێویستێتی بۆ هاوڵاتییانی ئەنجامی بدات. لەم خاڵەدا **سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان تەئکید لەسەر ئەو کارو پرۆژانە دەکاتەوە کەبۆ ژێرخـــان و ئابووری هەرێم گرنگەو لەلایەکی ترەوە زۆرترین هەلی کار نوێ و ئیشکردن بۆ هاوڵاتیان دابین دەکات.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەبەرهێنان ئەندامی لیژنـــەی دارایـــی و ئابـــووری پەرلەمانی کوردســـتان لەو باوەڕەدایە: پرۆژەی یاســـای وەبەرهێنانی کوردستان باشترین ئاسانکاری و یارمەتی تێدایە تاوەکو وەبەرهێنان رابکێشرێتە نـــاو کوردســـتان و بـــۆ بـــواری وەبەرهێنان هانبدرێـــن، یەکێك لـــەو ئاســـانکارییانەش بەکارهێنانی کرێـــکاری بیانییە، بەڵام دەبێت بەیاســـا رێکبخرێت چەند کرێکاری بیانی و ناوخۆیی لـــەو پرۆژەیـــەدا بەگەڕبخرێن ؟، هاوکات پێویســـتە کارکردن لەکەرتی تایبەت هەمان دەستکەوت و ئاسانکاری و ئیمتیازی کەرتی گشتی هەبێت (ئەگەر بکرێت زیاتر)، چونکە کار کـــردن لەکەرتی تایبەت قورس و رێنمایی زیاتری هەیە.

ئـــەم ئەندامـــەی پەرلەمانی کوردســـتانیش هەمـــان بۆچوونـــی هەیە کەئـــەو کرێکارو کارمەندانـــەی ناوخۆ کەلەکەرتی تایبەت کار دەکەن پێویســـتە زەمانـــەت و ڕەچاوی باری تەندروستی و خانەنشینکردنیان بکرێت، بەڵام نابێـــت باس لەو راســـتییەش نەکرێت کە زۆر پرۆژەو بواری کەرتی تایبەت هەیە کارمەندو کرێـــکاری خۆمان کاری تێـــدا ناکەن، بۆیە وەبەرهێنەر یاخود بیزنسمان ناچار پەنا دەباتە بەردەم کرێکارو کارمەندی بیانی، زۆرجار بۆ نەبوونی زەمانەت دەگەڕێتەوە هەندێك جاریش پەیوەندی بەو مـــەرج و رێنماییانەی کەرتی تایبەت هەیە کە وایکردووە کرێکاری خۆماڵی ئامـــادە نەبێت پابەندی بێت، زۆربەی جاریش بۆ بێ بەهاکردنی هەندێـــك کار دەگەڕێتەوە کە لەروانگـــەی پێگـــە کۆمەڵایەتییەکەی ناو کۆمەڵگامانەوە ســـووك کراوەو پێویستی بەدووبارە پێناسەکردنەوە هەیە.

## لەهەرزانی کرێی کرێکارانی بیانی خەڵکی خۆمانی بێکار کردووە

بوونـــی کرێکاری بیانـــی کاریگەری خراپی لەســـەر زیادبوونی ڕێژەی بێـــکاری هەیە، لەمبارەیەوە بیرو ڕای ســـەندیکای کرێکاران جیاوازە وەك لەبیـــروڕای وەزارەتی پلاندانانی عێـــراق و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و یاخود وەزارەتـــی کار، ئەوان ئەم ڕێژەیە بەکەم دەزانن وەکو زانیومەو ئـــەوان ڕێژەکە لەنزیکەی ٤٪ دادەنێن، بەڵام ئێمە بە ١٥-١٧٪ی دایدەنێین، چونکە ئێمە هەر کرێکارێك داهاتەکەی بەشی خۆی و مـــاڵ و منداڵەکـــەی و کرێیەکەی نەکات لەڕاستیدا ئێمە بەبێکاری دەزانین.

ســـەرۆکی یەکێتی گشتی ســـەندیکاکانی کرێکارانی کوردســـتان سەبارەت بە زیانەکانی هێنانی کرێکارانی بیانی دەڵێت: ( ئەو کرێکارە بیانیانە کە دەهێندرێنە کوردستان ئۆتۆماتیکی شوێنی کرێکارانی ئێمە دەگرنەوە، بۆ نموونە سوپەرمارکێتێك ئەگەر ئەو کرێکارە بیانیانە نەبن بەکرێـــکاری خۆمانە کار دەکات، بەڵام خاوەن کار کرێکاری بیانی دێنێت و کەمترین پارەی دەداتێ و زۆرترین کاتژمێریش ئیشی پێدەکات لەکاتێکدا مـــاوەی کارکردن لە ٢٤ کاتژمێردا بەپێی یاسا تەنها هەشت کاتژمێرە، گەرخاوەن کار لەم ماوەیە زیاتـــر کاری بە کرێکار کرد، ئەوا دەبێت بەکاتژمێری زیادە هەژمار بکات، ئەویش نابێت لەنیو کاتژمێر زیاتر بێت، کەچی ئێمە دەبینین ئـــەو کرێکارانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە کاردەکەن. ئەو کرێکارانەی کە لەدەرەوە دەهێنرێـــن لەوانەیە بـــە ٢٠٠ دۆلار ڕازی بن کار بکـــەن، بەڵام ئەم برە پارەیە بۆ کرێکاری خۆمان بەشی خۆی و ماڵ و منداڵی ناکات. پێویستە رەچاوی هاووڵاتیانی خۆمان بکرێت و کاریان پێ بدرێت، بەڵام ئێمە لەهەمان کاتدا دەڵێین کە ئەگەر لەبوارێکی تایبەت کرێکاری خۆماڵی شـــارەزامان نەبوو ئـــەوا حکومەت یان کەرتی تایبەت دەتوانن کرێکاری شـــارەزا بەگوێرەی پێویست لەو بوارە بێنن.

ئامادەنەبوونی کارکردنی دەرچووانی زانکۆ بۆ کارکردن لەکەرتی تایبەت بۆ نەبوونی ئەو دەستەبەری کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە پشت بەیاســـا کۆن و لاوازەکانی ساڵانی حەفتاکان دەبەســـتێت و ئیمتیازاتەکانی کەلە حکومەتە هەر لە سلفەی هاوسەرگیری تاوەکو مۆڵەتی دایکایەتی و ســـاڵانەو زەمانەتی دەرنەکردنی کارمەند کـــە هەرهەمووی لەکەرتی حکومی پارێزراون .

## ئەو کارەی کارمەندی بیانی دەیکات خۆماڵی نایکات

**حاجی ئەحمەد مەلا قادر ماجیدی خاوەنی سوپەر مارکێتی ماجدی مۆڵ** ڕەتی دەکاتەوە لەسوپەرمارکێتەکەیان زۆرینەی کارمەندەکانی بیانی بن و دەڵێت: ( لەماجیدی مۆڵ ١٥٥٠ کارمەندمـــان هەیە لە٢٥ ٪ی ئەو کارمەندانە بیانی و ٧٥٪ خۆماڵین، ئێمە پاڵپشتی خەڵکی خۆمـــان دەکەین لێرە کاربکـــەن و دەمانەوێت باری سەرشانی حکومیش لەدامەزراندن سووك بکەین..) ماجیدی پێی وایە کارمەندی بیانی پرۆڤیشـــناڵترو شـــارەزاترن، بەڵام تێچوونیان زیاتـــرە، چونکـــە دەبێت شـــوێنی خەوتن و هاتووچۆیـــان بۆ دابین بکەیـــن، بەئومێدی ئـــەوەن کارمەندو کرێکاری خۆمـــان لەوانەوە فێربن. سەبارەت بەهۆکاری ئەوەی بیزنسمان و سەرمایەداری بیانی پەنا بۆ کرێکاری بیانی دەبـــات بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتـــەوە **ئەو کارەی کارمەندی بیانی دەیکات کارمەندی خۆماڵی نایکات.**

یەکێك لەو ڕێگایانەی وا دەکات بەدەستهێنانی کار سروشـــتی بێت و هەلەکانی ئیشـــکردن دابیـــن بێـــت، بڵاوکردنەوەی ئـــاگاداری و بانگەوازکردنـــە لـــە میدیـــاو رۆژنامەکان، لەمبارەیەوە زۆر ســـوپەرمارکێت و کۆمپانیا داواکاری زۆر کەمە، گەرچـــی لەماجیدی مـــۆڵ بانگەواز بۆ هەلی کار لەرۆژنامەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆش ژمارەی بـــازرگان و کەرتی تایبـــەت زۆر کەمە کە رێکلام و بانگەوازی کارکردن بڵاودەکەنەوە..

**ئایا بۆچی زەمانەت و تەئمینات بۆ کرێکار لە کەرتی تایبەت نییە وەك لە کەرتی گشتیدا؟**

ئەم پرســـیارە ئاراســـتەی ماجیدی خاوەنی سوپەر مارکێتی ماجدی مۆڵ کرا لەوەڵامدا مەســـەلەی زەمانەتی بۆ خاڵێك گەڕاندەوە ئەویش سروشتی کەموکورتییە لەبەڕێوەبردنی حکومـــی ..کەکەســـێك لەکەرتی حکومیدا دادەمەزرێـــت کاربکات یـــان نەیکات کەس دەری ناکات، بەڵام لەسوپەرمارکێتەکەیان و کەرتی تایبەت وانییە زەمانەتی ئەوان بریتییە لەکارکردن، هەر کارمەندێـــك کار نەکات و لەکارەکەیدا بەدڵیان نەبێت دەری دەکەن.

چارەسەرکردن و رێکخســـتنی بەکارهێنانی دەســـتی کاری خۆماڵی و بیانی پێویستی بە میکانیزمی یاســـایی هەیـــە، کە تێیدا یاســـا وەبەرهێنان ئاراســـتە بـــکات و پلان بـــۆ دابینکردنی زۆرتـــری کار دارێژرێت، چاکســـازی ئابـــووری پێویســـتی بەتوانو بووێرییەکی زۆرە . گۆڕینی فەرهەنگی کارو شێوازی کارکردن و دووبارە پێناسەکردنەوەی کارەکان بەشـــێوەیەك ئەرك ومافەکانی تێدا دابین بکرێـــت بەئەولەوییەتی ئـــەو کارانە دادەنرێن کە بەهاو ڕێز بۆ کار دەگەڕێنێتەوەو وادەکات نەوەی نـــوێ لەبەرامبەر کارکردن شـــەرمن نەکەن و هەســـت بـــەوەش بکەن لەکەرتی تایبـــەت کەرامەتـــی مرۆڤەکان پارێـــزراون، ناکرێت لەپێناو ســـەرمایەدارو کرێکاری بیانی ئابووری کوردستان و مافی بەدەســـتهێنانی کار لەدانیشتوانی هەرێمەکە بفەوتێنیـــن، مادام دوا ئامانج لەپرۆســـەی گەشەسەندنی ئابووری بەرزکردنەوەی باری بژێـــوی هاوڵاتییانە کەواتە بەدەســـتهێنانی کاری بەبەهاو گونجاو سەرەتای بیرۆزکردنی کارو گەڕانەوەی ڕێزە بۆ مرۆڤەکان.

**ژمارەی ئەو بازرگان و سەرمایەدارانە زۆر کەمە کە رێکلام و بانگەوازی کارکردن و هەلی کار لە راگەیاندنەکان بڵاودەکەنەوە**

**کرێی کرێکارێکی تورکی ١٢٠٠ دۆلارە کەچی کرێکارێکی خۆماڵی ٤٠٠– ٥٠٠ دۆلارە**